کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19:12 19-11-2007بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## ئێستاش کە دەنووسیت دووژمنان لێت ئەترسن ... خاڵەحەمە

نووسەرێک، زۆرداری بێ ئەمەکی وولاتەکەی خۆی بەدوای سەریابگەڕێت و ڕێگەی قوتابخانەی لێ قەدەغەبکات، نووسەرێک دیکتاتۆرو شرەخۆرو کاسەلێسان دەیان پیلانی ئاگراوی بۆدابرێژێن و ژیانی کولەمەرگی خۆیشی پێرەوانەبینن، نووسەرێک لەزیدی باووباپیری خۆیا دەسەڵاتی زاڵ و گەندەڵ پێنووسەکەی بشکێنێت و بیەوێت دەمی بگرێت، نووسەرێک داگیرکاران قەستی سەریبن و مەرگی بەئاوات بخوازن ونەیارانی ئازادی بکەن بەگژیا، نووسەرێک حیزبێکی بەناو کوردوستانی لەماڵەکەی خۆی دەریپەڕێنێ و ئاوارەی بکات و لەخۆشەویستی شارو قوتابخانەو خوێنکاری خۆی بکات، نووسەرێک لەڕۆژگارە ڕەشەکانی ژێر چەپۆکی (سەدام) دا ئەورژێمە بۆگەنەی بەغدا نەیتوانیبێت لەخشتەی بەرێت، نووسەرێک لەدوای ڕاپەڕین لەتەک هاوڕێکانیا نووسەران دروستبکاتەوەو پلەی سەرۆکی پێببەخشن، نووسەرێک بەژێر باڵی دەیان ساسنسۆردا بۆ نەتەوەکەی بنوسێت و سڵ لەزیندان و لێدان و نان بڕاوی نەکاتەوە، نووسەرێک هەرگیز پێنووسەکەی نەشکابێت و هەمیشە لایەنگری شۆڕش و شۆڕشگێڕان بوبێت، نووسەرێک لەسپیدە بۆ زەردەی دەمەوئێوارەو ماندوو بەدوای ووشەی ڕەسەنی کوردیدا، نووسەرێک بەدرێژێ (35) بەهار هاوڕێ و مامۆستای نەوەکانی دواڕۆژی کوردو تەختەی ڕەشی قوتابخانەبێت، نووسەرێک بە درێژی تەمەنی خۆی ماندوو سەربەرز وەک لوتکەکانی قەندیل و شاهۆبێت، نووسەرێک و ڕۆژنامەنوسێکی کارامەوە و خاوەن هەڵوێستی بەرزو ڕەوشتی مرۆڤایەتی بێت، نووسەرێک زیاتر لە بیست 20 بەرهەمی چاپکراوی بەزمانە شیرینەکەی خۆی لە کتێبخانەی کوردیدا دانابێت جێ پەنجەی لەسەر زۆربابەتدا دیاربێت، نووسەرێک لە هەندەرانیش کارامەو لێهاتوو ئەندامی ڕۆژنامەنووسانی دانمارک و ئەندامی (پی ئی ئین) بێت، نووسەرێک لەهەموو ڕۆژگارێک و لە هەموو بارودۆخێکدا خەمخواری هەژارانی کوردو دەنگی دلێری سەربەخۆیی بێت، ئەم نووسەرە ئەگەر کورد نەبێت، ئەبێ چی بێت و لە چ جێگەو مەقامێکدا کورسی حەوانەوەو پاداشتی بۆ دانرابێت، ئەبێت سەرمایەو دەسمایەکەی لە بانکەکانی دنیا چەندبێت، ئەبێت چ جۆرە ماشێنێک و چ جۆرە کۆشکێکی شاهانەو چەند (ڤێلا) ی رووبەرووی دەریای هەبێت، بەداخەوە ئەم نوسەرە کوردەو وەک هەموو نووسەرەخاوەن هەڵوێست و ویژدانەکان لەخانەی بیرچوونەوەدایە، بەڵام خەباتی بێووچانی خۆی هێزی مانەوەی پیبەخشیوەو رۆژ لەدوای رۆژ بابەتی تازەو بەپیز بۆ نەوەکانی کورد دەنووسێت، ئەگەر تۆش بەم نووسەر ئاشنانیت بفەرموو بیناسە: ــ 1) چیرۆکی (نێرگز بووکی کوردستان) کەیەکەم فلیمی سینەمایی کوردییە2) هونەرو مەسەلەکانی سەردەم کە لەشاخ چاپکراوە، ، ئەوەی شایانی باسە ئەم کتێبەی یەکەم کتێبە کەلەبابەتی هونەری شێوەکاری بدوێت و لەژێر ناوی (پشتیوان) دا لەشاخ کاکی پێشمەرگە چاپی بکات 3) سێبەری ئەسپەشێ 4) ڕستێک زەنگیانەی ئاوی 5) پەریخان 6) دووربین 7) ملوانکەی ستیل 8) شەوەکەی عەریف زبالە 9) کەسێک لازۆی دیبێ 10) تکایە دەست بە شیعرەوە بگرن 11) مەمەلەکەتی ماسی 12) باپیرە کوردۆ 13) کوتر شین و زەوی سپی 14) هەنگەژاڵ 15) 3سێ



ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

وێنە 16) مەلی ئاوات 17) دووژمنی گەل 18) بەلەمی ئەفسووناوی 19) مین و ژیان 20) دەرمانی عیشق 21) دارگێلاس 22) پاپۆڕی فریو 23) كچە ئەستیرە 24) دەسەڵاتی چوارەم 25) دەسەڵاتی چوارەم و زمانی تەلەفزیۆن 26) بەدەیان كتێبیتر كە ئامادەن بۆ چاپ... من هێندە بەنەتەوەكەی خۆم ئەڵێم شەرمە ئەم جۆرە مرۆڤانە بێپشت و پەنا بمێننەوەو دەسەڵات بە ئارەزووی خۆی گەمەبەچارەنوسیان بكات و بڕیاری ناجۆریان لەسەربدات.. شەرمە ئەم نووسەر لەشارەكەی خۆی دەربكرێت و ماڵەكەشی لێزەوتبكەن، 35 ساڵ مامۆستا بێت و خانەنشینیشی پێڕەوا نەبینن. لەهەمووی سەیرتر خاوەنی مانگانەكەیەكە لەپەناهەندەیی وەری ئەگرێت لەوولات دانمارك. خێزانێشی لەوژنە دڵگەورانەیە كە شەونخونی ماندووی نەكردوەو لەتەك كاكی نوسەرو مامۆستادا قۆڵی خەباتی لێهەڵماڵیوەو بەشێكەلەودەستكەوتە گەورانەی نووسەر.

2007/11/18/خاڵەحەمە /دانمارك

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بلاّودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.